ژمارە ١٢
نیسانی ٢٠٠٨

# کاتێك شوێنێك بۆ لێكبووردن نامێنێتەوە......

ناوی فیلم:
DOGVIILE

:نواندن
NICOL KIDMAN & HARRIET ANDERSSON

دەرهێنانی:
LARS VON TRIER

خوێندنەوەی: ئاڤێستا

ئەتوانین بڵێین فیلمەکە دەربارەی تۆڵەکردنەوەیە، ئەگەر بینەرێکی باشی سینەما نەبیت، ناتوانیت تا کۆتایی فیلمەکە دابنیشت. لەبەرئەوەی کۆی رووداوەکانی لەسەر تەختەیەکی بچووکدا رووئەدەن. وەك فیلمە تەقلیدییەکان، ناو سروشتو باڵەخانەگەورەکان سەنتەری رووداوەکان نین، بینەر تەنها رەشیو هەندێ دیمەنی دووبارە دەبینێتەوە. ئەمەش یەکێکە لە سەرکەشییەکانی دەرهێنەر، واتا نە فیلمێکی ئاساییەو نە شانۆیەکی تەواویشە. لەم گوندەدا کە شوێنی رووداوەکانو ناوی فیلمەکەشە، دەکەوێتە ئەمریکا. چەند هێڵێکی سپی لەسەر تەختەیەك کێشراوەو جادەو ماڵو کڵێساو شوێنە گشتییەکانیتر لەیەکتر جیادەکاتەوە. بینەر باوەڕدێنێ کە ئەمانە بەراستی دیوارنو مرۆڤ دەبێ سڵیان لێبکاتەوە. لەکاتی کردنەوەی دەرگاو کردنەوەیدا گوێمان لە هەموو دەنگەکان دەبێت، وەك ئەوەی بەراستی دەرگایەکی تەختە بکوتن. لەکاتێکدا کارەکتەرەکان جگە لەهەوا دەست لەچیتر نادەن. هەربۆیە بینینی ئەم فیلمە بۆئەوانەی بینەری سینەما نین کۆمەڵێك ئاستەنگ









دروست ئەكات، هیلاكیان دەكاتو هیچ چێژێكیان پێنابەخشێ. قورسی بینینی ئەم فیلمە، كە دەرهێنەر زۆر زیرەكانە بیری لێكردۆتەوەو یەكێكە لەو فیلمانەی كە دوو رای جیاوازی لەلایەن رەخنەگرانی سینەماوە لەسەرە ، هەندێكیان بەفیلمێكی دانسقەو نایابی ئەزانن. هەندێكیتریش بە یەكێك لە فیلمە خراپەكانی سەدەی بیستو یەكەمی ئەزانن.

ئەم فیلمە كە خاوەنی (١٠)خەڵاتی جیهانییەو نیكۆڵ كیدمان رۆڵی سەرەكی تێدا دەبینێ. لەساڵی(٢٠٠٣)بەرهەمهێنراوە. دەرهێنەرەكەی ئاوا لەبارەی بیرۆكەی هاتنی وێنەگرتنو دەرهێنانەكەی دەدوێ: ( بیرۆكەی چۆنیەتی دەرهێنانی (دۆگفیل) لەناكاو بەخەیاڵمدا هات، رۆژێك لەدوای تەواو بوون لەنووسینی سیناریۆی فیلمەكە، لە رووباری(موروم) راوی ماسیمدەكرد كاتێك دەستمكرد بەپرسیار لە چۆنیەتی وێنەگرتنی ئەو دیمەنە سروشتیە لەشاخی رۆكی كە رووداوەكانی دۆگفیلی تیا ئەسورێتەوە. وام بەپێویست زانی كە شارۆچكەی دۆگفیل ببینرێت. وەك ئەوەی لەسەر تەختەیەك وێنە كێشرابێت. هەمیشە شەیدای سنووری جوگرافی بووم، كە پانتاییەكی دیاریكراو یان جێگایەكی دەستنیشانكراوی بۆ دیاری دەكات.)

سەرەتای فیلمەكە شوێنێكی بێدەنگو لەكاتی شەودا دەست پێدەكات، (تۆم) كە كورێكی گەنجی نووسەرەو دانیشتووی گوندەكەیە، لەشەوێكی بێدەنگدا خەریكی پیاسەكردنە. لەناكاو دەنگی چەند تەقەیەك دێتو دوای كەمێك كچێكی شپرزە خۆی بەناو گوندەكەدا دەكات ، ئەوكچە كەناوی(گریس)ەو نیكۆڵ كیدمان رۆڵی ئەو دەبینێو هەر زوو تۆم عاشقی جوانی ئەو كچە تۆقیوە دەبێ. گریس بە تۆم ئەڵێ كە لەدەست كۆمەڵێك پیاو خراپ هەڵهاتووە، گەر بەر دەستیان بكەوێت، ئەوا لەوانەیە بیكوژن. فرسەتێكی باشە بۆ تۆمو كچەكە ئەشارێتەوە، لەراستیدا هەمووشتێك لەسەر شانۆیەو هەموو كارەكتەرەكان یەكتری دەبینن، دوای كەمێك ئۆتۆمبێلێك دێتە گوندەكەو بە تۆم دەڵێن كە كچێكی لەو شێوەیەی دیووە. ئەویش بە نەخێر وڵامیانئەداتەوە. ئەوان دەرۆن، دوای ئەوەی ژمارەی تەلەفونو ناونیشانی خۆیانی ئەدەنێ تا لە كاتی پێویستدا ئاگاداریان بكاتەوە. ئەوشەوە تۆم گریس ئەباتەوەماڵەوەو بەیانی بەخەڵكی گوندەكەی ئەناسێنێ. خەڵكی گوند كە پێدەچێ گوندێكی داخراو بێتو بارێكی گوزەرانی خراپی هەیە، وردە وردە گریس لەگەڵ ئەواندا رادێتو لەئیشو كارەكاندا یارمەتیان ئەدات، وانە بە منالان ئەڵێتەوەو لەگەڵ



ژناندا جل ئەشواتو بۆ ناو باخەكان دەچێت. دوای دوو هەفتە پۆلیس دێتو كاغەزێك بەدیواردا هەڵدەواسێتو تیایدا هاتووە كە پارەیەكە خەیاڵی ئەدرێت بەو كەی كە ناونیشانی كچەكەیان بۆ بهێنێت. ئیدی وردە وردە خەڵكی گوندە كە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم كچە ئەگۆڕێتو بێبەزەییانە لەگەڵیدا ئەجوڵێنەوە. لەبەرچاوی دانیشتووانی گوندەكە ئەم كچە دەبێتە كیسە پارەیەكو وەك گەنجینەیەك سەیری ئەو كچە دەكەن. بۆیە كاری قورسی پێدەكەن و پیاوان بەزۆر سێكسی لەگەڵ دەكەنو ئابڕووی ئەبەن. ئەگەر خۆی بەدەستەوە نەدات، ئەوا دەیدەنە دەست پۆلیس، بۆ گریس هەموو ئەو ناهەقیانە قبوڵ دەكات. ڕۆژێك دەیەوێت رابكاتو لەگەڵ پیاوێك ڕێكدەكەوێت كە لەم گوندە بیباتە دەرەوە، پیاوەكە باری سێو بۆدەرەوە ئەگوازێتەوە ، گریس لەناو بەشی دواوەی ئۆتۆمبێلەكە ئەشارێتەوە. وردە وردە لە گوندەكە ئەچێتە دەرەوە، كەلێرەدا بینەر تەنها گریس ئەبینێ لەناو بۆدی ماشێنەكە، لەجێگایەك كە پێدەچێ دەرەوەی گوندەكەبێتو لە جادەیەكی خۆڵ ئەوەستێت. شۆفێرەكە دێتە تەنیشت گریسو دوای بەرگرییەكی كەمی ئەو، پیاوەكە لاقەی ئەكاتو بەڵێنەكەی ناباتەسەرو دووبارە بۆ گوندەكە ئەیگەڕێنێتەوە ، ئەمجارە سانسۆرێكی زۆر ئەكەوێتە سەر كچەو ئاسنێكی قورسو گەورە لەملی ئەخەن تا نەتوانێ رابكات. تۆم كەئەزانێ هەموو پیاوانی گوند سێكس لەگەڵ گرسیدا ئەكەن، ئەویش داوای لێئەكات لەگەڵیدا بخەوێتو دواییش بەزۆر لەگەڵیدا ئەخەوێت. دوای چەند ڕۆژێك كۆمەڵێك مافیا ئەگەنە گوندەكەو سەرۆكی مافیاكان كە باوكی گریسە لەناو ماشێنەكەی دانابەزێ گریس لەتەنیشتیەوە دا ئەنێشێو ماوەیەكی زۆر باس لە تۆڵەكردنەوەو لێكبووردن ئەكەن، گریس بڕیار ئەدات هەموو دانیشتوانی گوندەكە بكوژرێن، پیاوانی باوكی هەموو خەڵكی ئەو گوندە ئەكوژن، تەنها تۆم نەبێ كە گریس بەدەستی خۆی ئەیكوژێت، چونكە خیانەتی لە خۆشەویستییەكەیان كردبوو. تەنها سەگەكە نەبێت لەو ماوەیەدا هیچ زیانێكی بۆ گریس نەبوو، نە ڕوویەكی خۆشو نە ناخۆشی پیشانی ئەو كچە نەدابوو. بۆیە شایەنی مەرگ نیە. لەكۆتایی فیلمەكەداو كاتێ مافیاكان گوندە جێدەهێڵن سەگەكە دەست بەوەڕین دەكات.

تێبینی: بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود لە لە ژمارە ٥٧٥ی ئەدەبو هونەری كوردستانی نوێ وەرگیراوە.